سەردەمەکانی مێژوو

سەردەمی بەردین

ئەو سەردەمە بەوە جیا دەکرێتەوە کە مرۆڤ بەردی بەشێوەیەکی بنەڕەتی بە کارهێناوە لە پێشە سازی دروست کردنی کەل وپەلە سەراتاییەکانی ژیان. ماوەی ژیانی مرۆڤایەتی لە سەر رووی زەوی بە ٪٩٨ لە تەمەنی زەوی دادەنرێت.

لێکۆڵەرەکان ماوەی بەردینی دابەشی سێ بەشی سەرەکی ئەمانەی لە خۆی دەگریتەوە:

١ – سەردەمی بەردینی دێرین

ئەو سەردەمە لە گەل دەرکەوتنی مرۆڤ لە سەر زەوی دەستپێدەکات کە بە کۆنترین سەردەم دادەنرێت تاوەکو ده هەزار سال پێش زایینی بەردەوام بوو، کە بە بەشێکی گرنگی مێژووی مرۆڤایەتی لە خۆ دەگریت، هەندێك ئەو سەردەمە بە ملیۆنان سال تەخمین دەکەن بەلام هەندێکی تر بە یەك ملیون یان نیو ملیون سال دیاری دەکەن. لێردا ئەوەی ئەو سەردەمە پێ جیا دەکرێتەوە ئەوەیە کە بە شێوەیەکی رەها کەڵ و پەلەکان لە بەرد بەکارهاتووە بێ ئەوەی دروست بکرێت.

کەلو پەلە شوێنەواریەکانی ئەو سەردەمە لە باکوری ئەفریقیا دۆزراونەتەوە بەلام لە ناوچەکانی عیراق هێچ پاشماوەی ئەو سەردەمە تا ئیستا نەدۆزراوتەوە .

مرۆڤ لەو سەردەمە بەردینەدا بە شێوەیەکی سادەو ساکار ژیانی بەسەر بردووە، کە شێوەی ژیانی مرۆڤ دەشوبهێنریت بە ژیانی ئاژەل لە رووی عەقلی وهێژی وقسەکردن وشوێنی نیشتەجێ بوون وپیشەسازی کە هەندێك کەرەستە کە ژیانی مرۆڤ ئاسانی کرد و سروشت ئاسانکاری بە مرۆڤ بەخشی

مرۆڤ لەو سەردەمەدا پشتی بەستوە بە کۆکردنەوەی بەرهەمی دارو راوکردنی ئاژەل بۆیە ئەو سەردەمە ناوزەندکرا بە سەردەمی کۆکردنەوەی خواردن(جمع القوت). و کەل و پەلەکانی بە شێوەیەکی سادەو ساکار دورست کرابوون، لە بەرد دواتر لە کۆتایی ئەو سەردەمە مرۆڤەکان ئاگریان بە کارهێنا بۆ ئامادەکردنی خواردن وخۆ گەرم کردنەوە.

مرۆڤی ئەو سەردەمە لە ئەشکەوتەکان دەژیاو لە چیاکان. دەسورایەوە لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر کۆچی دەکرد بۆ کۆکردنەوەی خۆراك دور لە خەتەری روبارو لافاوەکان.

لەو سەردەمەدا عیراق ئاوو هەوایەکی جیاواز هەبوو بە تایبەتی لە سەردەمی نوێی بەردین ودواتر لەم سەردەمەدا بارانێکی زور باریووە کە بووە هۆی زوربوونی ئاژەڵ و کشتوکال.

ناوچەکە وەکو سەوزایی گەورە وا بوو کە یارمەتی دەر بوو بۆ مرۆڤ تا وەکو لە ئەشکەوت و قەدپالی چیاکان بژیت، نموونەی ئەو چۆرە مرۆڤە لە گوندی (بردە بلکە) لە ناوچەی جەمجەمال دۆزراوتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ ١٠٠ تا ٦٠ هەزار سال پ. ز

هەروەها ئەشکەوتی هەزار مێرد و زەرزی لە پارێزگای سلیمانی کە مرۆڤی ماوەی دووەمی سەردەمی بەردینی کۆنە.

ئەشکەوتی شاندەر کە گەورترین و فراوانترین ئەشکەوتە کە تا ئیستا دۆزرایتەوە لە عیراق کە مرۆڤی ناسراو بە نیاندرتال لێ دۆزراوتوە وەکو پاشماوەکانی ئەو مرۆڤە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەردینی کۆن ناسراوە بە قۆناغی (مەستیری) کە دەگەڕێتەوە بۆ ٦٠ – ٤٥ هەزار سال پێش زایینی.

هەروەها لە ئەشکەوتی بالی کورا وچەند ئەشکەوتەکی تر کە پاشماوەکانی ئەو مرۆڤە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی بەردینی کۆن کە پۆلینی ئەو مرۆڤانە بە مرۆڤی ژیر ناوزەندکراون.

٢- سەردەمی بەردینی ناوەند:

مرۆڤ کوزەری کرد لە سەردەمی بەردینی کۆن بۆ سەردەمی بەردینی ناوەراست، بە گواستنەوە لە کۆکردنەوەی خۆراك بۆ بەرهەم هێنانی خۆراك. ئەو سەردەمە جیادەکریتەوە بە وردبینی ودیقەت دان لە کەرستەو ئامێرە بەردینیەکان، بە بچوکی قەبارەو ژمارەی شێوەکانی ئامێرە بەردیەکان دەگورێت کە مرۆڤ توانیویەتی هەندێك ئاژەل و داروباری وشکانی بەکاربهێنیت واعتمادیان بکاتە سەر لە ژیانی رۆژانەیدا کە ئەوەش گۆرانکاریەکی چۆری نوعی بوو کە سەری کێشا بۆ.

سەردەمی بەردینی نوێ کە ئاژەل وبالندە لە ماڵەوە بە خێوکراون و کشتوکالی دانەوێلە لە چەند ناوچەیەکی عیراق کراوە.

لێکۆڵینەرەکان دەریانخستەوە کە مرۆڤ تەنها لە ئەشکەوتەکان نەژیاون بەلکو لە دەرەوە ناوچە دەشتاییەکاننیش ژیاون، گرنگترین لەو گوندانە بریتین لە گوندی زاوی چەمێ لە سەر زێی گەورە لە نزیك ئەشکەوتی شاندەر.

گرنگترین جیاکاری ئەو سەردەمەی بریتیە لە شاردنەوەی مەیتەکان لە گەل چەندین کەل و پەل وجل وبەرگ لە گەل لاشی مردووەکە دەنێژرا. کە نەریتەکی تایبەت بوو بە باوەری ئەوا لە ژیانی دوای مردن

گرنگترین شوێنەواری ئەو سەردەمە بریتین لە ناوچەی کەریم شەهر وملفعات وکردجای.

٣- سەردەمی بەردینی نوێ:

ئەو سەردەمە دادەنریت بە سەردەمی رووداني گۆرانکاری ئابووری لە مێژووی مرۆڤایەتی، کە بەیەکەم شۆرش دادەنرێت کە مرۆڤ توانیویەتی بەسەر سروشت زال ببێت و گۆرانکاری لە ژیانی خۆی بکات وشارستانیەتی سەرتایی بنیات نا. مرۆڤ لەم سەردەمەدا توانی خۆی بگوازێتەوە لە قۆناغی کۆکردنەوەی خواردن بۆ قۆناغی بەرهەمهێنانی خۆراك بە جۆرێك کە بەو هۆیەوە گۆران لە ژیانی کۆمەلایەتی وئابوری مرۆڤ رووویدا.

هەروەها بیرو باوەڕکانی بۆ دروست بوو ئامێرەکانی کشتوکال کردن لە رووی چەندین وجۆنیەتی بەرەوپێشکەوتن گوندەکان دروست کران ونیشینگەکان لە سەرخۆ پێشکەوتنی مرۆڤ بۆ یەکەم جار فەخار بوو، ودورست کردنی ئامێری قورس هەروەها لە شوێنێك بۆ شوێنەکی تر کوچ دەکرد تاکو بتوانی قوتی رۆژانەی بۆ خۆی دابین بکات.

پاشماوەکانی ئەو سەردەمە لە چەند ناوچەیەکی عیراق دۆزراوەتەوە گرنگترینیان گوندی جەرمو لە نزیك کەرکوك و ناوچەی شمشارە، مرۆڤ لەم سەردەمەدا دەستی بە چەند شتێك راگەیشتووە وەکو پێشکەوتن لە دروست کردنی خانوو و دەرزی و داو لە ئیسك بۆ دورینەوەو تەورداس ومەنجەل وئامێری بەردینی پێشکەوتووتر.

٤ – سەردەمی بەردینی کانزایی

دوای سەردەمی نوێ سەردەمی بەردینی کانزایی هات کە مرۆڤ بۆ یەکەم جار کانزای بەکارهێنا بۆ دروست کردنی کەرەستەکان لە پال بەرد بۆ کشتوکال وشتی تر. جیاکاری وتایبەتمەندیەکانی ئەو سەردەمە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە.



خريطة لبعض المواقع الآثرية في العراق القديم